# ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان

د. سەروەر محمد عبدالله*　　　　سەیوان محمد رضا**

وشە کلیلییەکان: ئاسایش، ئاو، ئاڵەنگاری، هەرێمی کوردستان
https://doi.org/10.31271/jopss.10086

**پوختە**

ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لەبەردەم کۆمەڵێک هەڕەشە ومەترسی جۆراوجۆردایە، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی گرنگترین ئاڵەنگارییەکانی ئاسایشی ئاو دەستنیشان بکات، کە خۆیدەبینێتەوە لە دوو ئاڵنگاری سەرەکیدا: ئاڵنگاری یەکەمیان ناوخۆییە، دووەمیان ئاڵنگاری دەرەکییە؛ ئاڵەنگارییە ناوخۆییەکان بەشێکیان سروشتین وپەیوەندی بە گۆڕانی کەشوهەواوە هەیە، کە بۆتەهۆی کەمبوونەوەی دابارین وزیادبوونی شەپۆلەکانی وشکەساڵی، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتی ئاوی سەرزەوی وژێرزەوی هەرێم هەبووە، بەشێکشیان مرۆیین وپەیوەندی بە شێوازی بەکارهێنان وبەڕێوەبردنی ئاو هەیە لە ناوخۆی هەرێمدا، وەکو زێدەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی وپیسکردنی سەرچاوە ئاوییەکان وبەفیڕۆدانی ئاو لە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانیدا، هەروەها شێوازی بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان یەکیکی دیکە لە ئاڵناگارییەکانی ئاسایسی ئاو لە هەرێم، بەوپێیەی نەتوانراوە وەک پێویست سود لە داهاتی ئاو بەتایبەت ئاوی سەرزەوی (ڕووبار و دەریاچەکان) ببینرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان؛ ئاڵنگاری دووەمیان دەرەکییە، پەیوستە بەو سیاسەتە ئاوییەوە کە وڵاتانی دراوسێ (تورکیا وئێران) پەیڕەوی دەکەن لەسەر ئەو سەرچاوانەی کە دەکەوێتە وڵاتەکانیان وبەکارهێنانی وەک چەکێک دژی هەرێمی کوردستان، بەوپێیەی نزیکەی (٦٠٪) سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی هەرێم لە (تورکیا وئێران) ەوە سەرچاوە دەگرێت، بەهۆیەوە لە ئێستادا گۆڕانکاری لە بڕ و جۆرێتی ئاو دروست بووە، کاریگەری نەرێنی کردۆتەسەر کۆی پێداویستییە ئاوییەکان لە هەرێمدا.

**ملخص**

**تحديات الأمن المائي في إقليم كوردستان**

يواجه الأمن المائي في إقليم كوردستان- العراق، عددًا من التهديدات والمخاطر؛ لذلك تهدف هذه الدراسة إلى التعرف على أهم تحديات الأمن المائي، والتي تتلخص في تحديين رئيسيين وهما: التحدي

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی sarwar.abdulla@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە زانستە سیاسییەکان- زانکۆی سلێمانی saiwanmohemmed44@gmail.com

الأول داخلي، ويتمثل في جانبين: الاول طبيعي ، يتعلق بتغير المناخ، الذي أدى إلى انخفاض هبوط الأمطار وزيادة موجات الجفاف، التي كان لها تأثيراً سلبياً على عائدات المياه السطحية، والثاني بشري يتعلق (باستخدام المياه وإدارتها في المنطقة، مثل الاستخدام المفرط للمياه، وتلوث موارد المياه، وإهدار المياه في جميع مجالات الاستخدام)، الامر الذي ادى الى عدم تمكن عائدات المياه وخاصة المياه السطحية (الأنهار والبحيرات) لتلبية الاحتياجات المائية لمواطني اقليم كوردستان.

اما التحدي الثاني: خارجي هو يتعلق بالسياسات المائية التي تتبعها دول الجوار كل من تركيا وإيران على مصادر المياه، التي تقع في دولها وتستخدمها كسلاح ضد إقليم كوردستان ، اذ أن نحو(٦٠٪) من موارد المياه السطحية للمنطقة تأتي من (تركيا وإيران) ،و بسبب سياسات هذه الدول، فقد تاثر إجمالي الاحتياجات المائية في كوردستان سلبا.


**Abstract**

**Water Security Challenges in the Kurdistan Region**

This study investigates two fundamental challenges facing the water security in the Kurdistan Region of Iraq. These challenges are identified as internal and external. Internal challenges are dealt with from two perspectives: one has to do with climate change that leads to decreasing the rainfall and increasing droughts both of which negatively affecting water revenues. The other one is human-related challenges that are associated with water utilisation and water management issues. Such challenges include the excessive use and waste of water as well as water pollution that results in the inability of water revenues (especially surface water such as rivers and lakes) to meet the needs of people in the region. The external challenges, on the other hand, are related to the current water policies pursued by the neighbouring countries of Turkey and Iran. These countries use the water resources located within their borders as a weapon against the Kurdistan Region. About 60% of the region's water resources comes from Turkey and Iran. Consequently, the strict water policy implemented by these countries has exerted a considerable negative impact on the total amount of water needs in the Kurdistan Region. affected.

## پێشەکی:

پرسی ئاو بۆتە یەکێک لە گرنگترین ئەو پرسانەی کە وڵاتانی جیهان بە بایەخەوە لێیدەڕوانن، بەتایبەت لە ئێستادا کە جیهان بە دەست گرفتی کەمبوونەوەی دەرامەتە ئاوییەکان وململانێ لەسەر ئاو دەناڵێنێت، بەهۆکاری گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان وئەو سیاسەتە ئاوییەی کە وڵاتانی ناوچەکە پەیڕەوی دەکەن بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەک بەهۆی هەڵکەوتەی سروشتیان کە ڕووبەڕووی زۆرترین کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بوونەتەوە، لەلایەکی دیکە بەشێکی زۆری سەرچاوە ئاوییەکانیان دەکەوێتە دەرەوەی سنوری جوگرافی وڵاتەکانیان، هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە ناوچەکە بەدەرنەبووە لە کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانە وسیاسەتی ئاوی وڵاتانی سەرچاوە، بەوپێیەی زیاتر لە نیوەی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم دەکەوێتە دەرەوەی هەرێم، ئەمە سەرباری شێوازی بەکارهێنان وبەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە ناوخۆی هەرێمدا کە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ئاسایسی ئاو، لەبەرئەوە توێژینەوەکە دەیەوێت تیشک بخاتەسەر گرنگترین ئەو هەڕەشە ومەترسیانەی کە ڕووبەرووی ئاسایسی ئاوی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، لێرەوە کێشەی توێژینەوەکە بریتیی دەبێت لە گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکەمان کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی: ئایا گرنگترین ئاڵەنگارییەکانی سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان چین؟

### گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی وبەتایبەت دامەزراوە تایبەتمەندەکانی بواری ئاو گرنگە، لەبەرئەوەی دەتوانێت بەرچاوڕوونی پێویستیان پێببەخشێت دەربارەی ئاڵەنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها بۆ توێژەران وناوەندە ئەکادیمییەکان دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی بەسود.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

بریتییە لە خستنەڕووی گرنگترین ئاڵەنگارییە ناوخۆیی ودەرەکییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

### گریمانەی توێژینەوەکە:

شێوازی بەکارهێنان وبەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەلایەک، وسیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراسێ (تورکیا وئێران) لەلایەکی دیکەوە، ئاڵەنگاری سەرەکی سەر ئاسایشی ئاوە لە هەرێمی کوردستاندا.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەمان سەرباری کۆمەڵێک سەرچاوەی کتێبخانەیی وگۆڤار وڕاپۆرت وداتای فەرمی بڵاوکراوە وبڵاونەکراوە وهەروەها چاوپێکەوتن وپەیوەندی تەلەفۆنی بە

کەسانی شارەز وتایبەندی بوارەکە، پشتمان بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە بۆ خستنەڕووی ئەو کێشە وئاڵنگاریيانەی کە ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان بووەتەوە وباسکردنی هۆکارەکانی کێشەکە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

سەرباری پوختە وپێشەکی ودەرەنجام، توێژینەوەکە خۆی لە دوو باسی سەرەکیدا دەبینێتەوە؛ لە باسی یەکەمدا ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان خراوەتەڕوو لە دوو تەوەردا، لە تەوەری یەکەمدا ئاڵنگارییە سروشتییەکان (گۆڕانکارییە کەش وهەواییەکان) خراوەتەڕوو، لە تەوەری دووەمدا ئالەنگارییە مرۆییەکان باسی لێوەکراوە؛ لە باسی دووەمدا ئاڵنگارییە دەرەکییەکان ڕوونکراوەتەوە لە دوو تەوەردا، لە تەوەری یەکەمدا سیاسەتی ئاوی وڵاتی تورکیا، لە تەوەری دووەمیشدا، سیاسەتی ئاوی وڵاتی ئێران، وەک یەکێک لە ئالەنگارییە بەهێزەکانی سەر ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو.

**ناساندنی چەمکی توێژینەوەکە:**

لێرەدا بە پێویستی دەزانین وێنەیەکی گشتی بۆ ناساندنی چەمکی ئاسایشی ئاو پێشکەش بکەین، لەڕێگەی خستنەڕووی چەند پێناسەیەک لە ئاسایشی ئاو لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکەکە وباشتر تێگەیشتن لە بابەتەکە، پێش خستنەڕوو وباسکردنی ئاڵنگارییەکان.

ئاسایشی ئاو لەلایەن (ئاژانسی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکان) پێناسە کراوە بە "توانای دانیشتوان بۆ دەستگەیشتنی بەردەوام بە بڕێکی گونجاو لە ئاوی کوالێتی قبوڵکراو کە پێویستە بۆ بەردەوامبوونی بژێوی ژیان، خۆشگوزەرانی مرۆڤ، گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، دڵنیابوون لە پاراستن لە پیسبوونی ئاو و پاراستنی لەو ڕووداوانەی کە پەیوەستن بە ئاوەوە و پارێزگاریکردن لە سیستەمی ژینگە لە کەشێکی ئارام وسەقامگیری سیاسیدا"[1]، لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت ئاسایشی ئاو بەواتای دابینکردنی ئاوی شیاو دێت بۆ هاوڵاتیان لە هەموو کات وساتێکدا، بە ئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانیان، پاشان پاراستنی ئاو لە پیسبوون وپاراستنی ئەو ژینگە سروشتییەی کە ئاو دابیندەکات.

لەلایەکی دیکەوە ئاسایشی ئاو پیناسەکراوە بە "پاراستنی ئەو دەرامەتە ئاوییانەی کە هەن وبەکارهێنانیان بە باشترین شێوە وپیسنەکردنیان وزێدەڕۆیینەکردن لە بەکارهێنانیان بۆ خواردنەوە وئاودێری وپیشەسازی وهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێ، پەرەپێدانیان وبەرزکردنەوەی توانای بەکارهێنانیان بۆ دابینکردنی هاوسەنگی لەنێوان ئەو دەرامەتە ئاویانەی کە لە بەردەستدان

[1] - United Nations (UN WATER), Water Security and the Global Water Agenda, Published in UN WATER, 8/may/2013, Available in this link-
https://www.unwater.org/publications/water-security-and-global-water-agenda visit date 25/9/2022.

وپێداویستییە ئاوییەکان کە لە زیادبوونی بەردەوامدان"[١]، لەم پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێت ئاسایشی ئاو بە واتای: باش بەکارهینانی ئاو، پیسنەکردنی، بەفیڕۆدانی و زیادەڕەوی نەکردن لە بەکارهێنانی، دێت.

ئاسایسی ئاو لە ڕووە سیاسییەکەشییەوە دوو رەهەند لەخۆدەگرێت، ڕەهەندی یەکەم تەواو ئاسایشییە وپەیوەندی بە ئاسایشی ناوخۆی وڵاتەوە هەیە، لەڕوانگەی ئەوەی کە ئاسایشی ئاو هەموو ئەو هەنگاو وشێوازانە لەخۆدەگرێت کە دەوڵەت جێبەجێیدەکات بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە ئاوییەکانی ودواتر بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک وئاسایشی ئاو؛ بەڵام ڕەهەندی دووەمی سیمایەکی تەواو سیاسی لەخۆدەگرێت پەیوەندی هەیە بەو مەترسیانەی کە دێنەئاراوە کاتێک ڕێژەیەکی زۆری سەرچاوەی ئاوی وڵات لە دەرەوەی سنورەوە دێت، ئەوەش وادەکات کە ئاسایشی ئاوی ئەو وڵاتە ببێتە کارتێکی فشاری سیاسی بە دەست وڵاتانی سەرچاوەوە.[٢]

کەواتە لەکۆی ئەو پێناسانەی خستمانەڕوو دەکرێت بڵێین ئاسایشی ئاو، واتا هەبوونی بڕی ئاوی پێویست لە ئاوی سازگار لەڕووی چەندێتیی وچۆنایەتییەوە لە هەر وڵاتێکدا، کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییە جۆراوجۆرەکانی هاوڵاتیان وگەرەنتیکردنی ئەو بڕە بۆ نەوەکانی ئێستا وداهاتوو، ئەوەش لەڕێگەی باش بەکارهێنان وپەرەپێدانی ئامراز وشێوازەکانی بەکارهێنانییەوە دەبێت، ئەمە جگە لە پەرەپێدانی سەرچاوە ئاوییەکانی ئێستا وپاشان گەڕان بەدوای سەرچاوەی نوێدا وکەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی، هەروەها هەماهەنگی وهاوکاریکردن لەنێوان وڵاتانی بەشدار لە ئاوزێڵی ڕووبارە هاوبەشەکاندا.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە کە لە ڕوانگە جیاوازەکان بۆ ئاسایشی ئاو کراوە، هەوڵدەدەین گرنگترین ئاڵنگارییەکانی سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان بخەینەڕوو، لە سەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، بەو شێوەیەی لە هەردوو باسی دادێ دەیخەینەڕوو.

[١]- وەرگیراوە لە: دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو) بۆ هەرێمی کوردستان وعێراق، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە ٢٨، ئەیلولی ٢٠١٨، ل٦٨.

[٢]- ڕزگار خضر طە، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق- لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاری، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا، ئازاری ٢٠١٧، ل١٧.

## باسی یەکەم: ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان

لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی ئاسایشی ئاوی "هەرێمی کوردستان"* لەڕێگەی دوو تەوەرەوە بخەینەڕوو:

### تەوەری یەکەم/ ئاڵنگارییە سروشتییەکان ولێکەوتە نەرێنییەکانی (گۆڕانی کەش وهەوا)

گۆڕانی کەشوهەوا کە هۆکارەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی گەرمبوونی گۆی زەوییە، یەکێکە لە ئاڵنگارییە بەهێزەکانی سەر ئاسایشی ئاو، کە هەڕەشە لە ئاوی بەردەست دەکات لە هەموو جیهاندا بەگشتی ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لێی، ئەو گۆڕانکارییانە بوونەتەهۆی تێکچوونی کەشوهەوا، کەمبوونەوەی ڕێژەی باران وتێکچونی شێوازی داباراین.[١]

کاریگەری ولێکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە ئێستادا بەدیارکەوتووە، بۆنمونە دەبینین ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستاندا پلەکانی گەرما بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە ئەوەش کاریگەری لەسەر ڕێژەی بارانبارین هەبووە، بەجۆرێک بووەتەهۆی کەمبوونی تێکڕای بارانبارینی ساڵانە، وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا دەردەکەوێت، کە تیایدا بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما وکەمبوونەوەی تێکڕای بارانبارین لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە هەولێر وسلێمانی نیشاندەدات:

خشتەی ژمارە (١)، تێکڕای پلەی گەرمی وتێکڕای بارانبارین لە ماوەی ساڵانی (١٩٧١-٢٠٠٧).

| ساڵ / وێستگە | ١٩٧١-١٩٨٠ | ١٩٨١-١٩٩٠ | ١٩٩١-٢٠٠٠ | ٢٠٠١-٢٠٠٧ | ٢٠٠٧-٢٠٢١ | تێکڕای گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پلەی گەرمی(م°) | | | | | | |
| هەولێر | ١٩,٤ | ٢٠,٢ | ٢١,١ | ٢٢,٤ | ٢٢,٥ | ٢١,١٢ |
| سلێمانی | ١٨,٣ | ١٨,٥ | ١٨,٩ | ١٩,٧ | ٢٠,١ | ١٩,١ |
| باران (ملم) | | | | | | |
| هەولێر | ٤١٤ | ٤٥٦ | ٤٤١ | ٤٠٠ | ٣٧٩ | ٤١٨ |
| سلێمانی | ٧١٧,١ | ٧١٢,٢ | ٧٤٢,٦ | ٦٩٧ | ٦٦٣ | ٧٠٥,٣ |

**سەرچاوە:** کاری توێژە پشتبەست بە: ١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن، بەڕیوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان، داتای بڵاونەکراوە. ٢) اياد عبد علی سلمان الشمری، أثرالتغيرات المناخية فی تفاقم مشكلة شحة المياه فی العراق، مجلة ميسان للدراسات الأكاديمية، المجلد ١١، العدد ٢١، كانون الأول ٢٠١٢،ص٦٠.

---

* - مەبەستمان لە هەرێمی کوردستان، سنوری جوگرافی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە هەر (٤) پارێزگای هەولێر، سلێمانی دهۆک و هەڵبجە دەگرێتەوە، واتا بەبێ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم.

[١] - دارا شێخ حەسەن، لە کتێبی زێڕی سەوز، (بەرگی دووەم)، ئامادەکردنی: فریدون منصور جاف، چ١، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی ٢٠٢٢، ل ل١٣٨-١٣٩.

ئەو داتایانەی سەرەوە ئەوە نیشاندەدات کە بەردەوام پلەکانی گەرما لە هەرێمی کوردستان ڕووی لە هەڵکشان کردووە، ئەوەش کاریگەری کردۆتە سەر بڕی باران وبووەتەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەکەی، کەمبوونی بڕی بارانیش دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی داهاتی ئاو (سەرزەوی و ژێرزەوی)، کەمبوونی داهاتی ئاویش واتا دروستبوونی مەترسی لەسەر ئاسایشی ئاو.

لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بووەتەهۆی زیادبوونی شەپۆلەکانی وشکەساڵی، چونکە مەترسیدارترین لێکەوتەی گۆڕانی کەشوهەوا ئەوەیە کە ناوچە وشک ونیمچە وشکەکان وشکتر وناوچە شێدار وتەڕەکان تەڕتر وشێدارتر دەکات، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بە ناوچەیەکی کیشوەری ونیمچە وشک دادەنرێت، کاریگەرییەکانی بە ئاڕاستەی وشکتر ڕۆیشتووە، بەجۆرێک ئەگەر جاران چەند ساڵێک تەڕ وپڕباران بووایە وساڵێک وشک، ئێستا پێچەوانە بۆتەوە چەند ساڵێک وشک وساڵێک تەڕ وپڕبارانە[١]، بۆنمونە لەم بیست ساڵەی دوایدا وڵاتانی ناوچەکە ڕووبەڕووی زیادبوونی شەپۆلەکانی وشکەساڵی بوونەتەوە، چاوەڕێ دەکرێت ئەم شەپۆلانە زیاتریش بن[٢]، لەم ڕووەوە ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە تیایدا ئاماژە بەوەدەدات لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠-٢٠٠٨) هەرێمی کوردستان (٤) جار ڕووبەڕووی شەپۆلی وشکەساڵی بووەتەوە ئەوانیش ساڵانی (١٩٨٤، ١٩٩٩، ٢٠٠٦، ٢٠٠٨)[٣]، بەهەمان شێوە لە ئێستادا (٢٠٢٢) هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی شەپۆلێکی دیکەی وشکەساڵی بووەتەوە و ماوەی دوو ساڵە بەردەوامە.[٤]

هەربۆیە دەبینین کەمبوونەوەی ڕێژەی بارانبارین وزیادبوونی شەپۆلەکانی وشکەساڵی ڕەنگدانەوەی هەبووە بەشێوەیەکی نەرێنی لەسەر داهاتی ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە وڕێژگەکانی کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی سەرزەوی هەرێمی کوردستان پێکدێنن، بەجۆرێک تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە وڕێژگەکانی لەکاتی ئێستادا زۆر کەمترە لە تێکڕا سروشتییەکەی بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو، بۆنمونە تێکڕای ساڵانەی داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە وڕێژگەکانی لەنێوان ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩٥) گەیشتۆتە (٥١,٦ ملیار م٣)[٥]، بەڵام ئەم تێکڕایە لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠١٠) دابەزیوە بۆ (٣٦ ملیار م٣) ئاو[٦]، و لەماوەی ساڵانی (٢٠١١-٢٠٢١) دابەزیووە بۆ (٣٠ ملیار م٣) ئاو لە ساڵێکدا[٧]،

---

[١]- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢/٧/٥.

[٢]- د. عبداللطيف جمال رشيد، الموارد المائية فی العراق، ط١، مطبعة پیرەمێرد، السليمانية ٢٠١٧، ص٤٩.

[٣]- منظمة الامم المتحدة للتربية والعلم والثقافة، الاطار الوطنی للادارة المتكاملة لمخاطر الجفاف فی العراق (دراسة تحليلية)، مكتب العراق، آذار ٢٠١٤، ص٥٢-٥٤.

[٤]- دیدار لەگەڵ بەڕێز سامان ئیسماعیل، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان، دەربەندیخان، ٢٠٢٢/٨/١٠.

[٥]- ڕزگار خضر طه، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

[٦]- دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو)، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣-٧٥.

[٧]- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو،بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو،

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت داهاتی ئاوی ڕووبارەکانی هەرێم لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا (٢١ ملیار $م^3$) کەمیکردووە.

لەلایەکی دیکەوە لێکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەشێ هەرێم دوچاری قەیرانی زۆر گەورە بکات، وەکو زیانگەیاندن بە بەرهەمی کشتوکاڵی زستانە وهاوینە[1]، بەوپێیەی لەلایەک کشتوکاڵی هەرێم بەشێوەیەکی سەرەکی دێمییە وپشتبە باران دەبەستێت، لەبەرئەوە لە وشکەساڵەکاندا کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، بۆنموونە ساڵی (٢٠٢١ - ٢٠٢٢) بەشێکی زۆری بەروبوومی کشتوکاڵی جوتیارانی هەرێم لەناوچوون، بەهۆی وشکەساڵی وکەم بارانییەوە، وهەروەها زیانێکی زۆری گەیاند بە جوتیاران وبەرهەمی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان[2]، و لەلایەکی دیکەوە کشتوکاڵی هاوینەش کە پشت بە ئاوی ڕووبارەکان یان ژێرزەوی دەبەستێت تووشی کێشەی کەمئاوی دەبن.

چونکە ئەو گۆڕانکاریانە کاریگەری نەرێنی زۆریشی کردۆتە سەر ئاوی ژێرزەوی لە هەرێم، بەجۆرێک بەشێکی زۆری دانیشتوان بەهۆی کەمبوونی بەرهەمداری و وشکبوونی بەشێکی زۆری کانی وکارێز وبیرەکانەوە ڕووبەڕووی کێشەی سەخت بوونەتەوە، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە ساڵانی بێ بارانی کاریگەری خراپیان لەسەر بەجێدەهێڵێت و وشکایەتی تەنگیان پێهەڵدەچنێت، بۆنموونە تەنیا لەماوەی ئەمساڵدا (٢٠٢٢) بەهۆی کاریگەری وشکەساڵییەوە لە پارێزگای هەولێر ودەوروبەری، نزیکەی (٣٠٠) بیری ئاو وشکیان کردووە.[3]

هەر بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش وهەوا لە ئێستادا زۆرینەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی وشکبوونی سەرچاوەکانی ئاو بوونەتەوە وبەرەو بیابانبوون چوون و مەترسی لەسەر چۆڵبوونی زۆرێک لە گوندەکانی کوردستان دروستبووە، لەم بارەیەوە "کاروان حمە ساڵح" بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم باس لەوەدەکات "کە لە ڕووپێوییەکدا کە بۆ نزیکەی (٤٠٠٠) گوند لە بەشێکی زۆری گوندەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامیانداوە، بەڕێژەی (٢٣٪) گوندەکان وشکبوونیان مسۆگەرە، و(٣٤,٥٪) مەترسی وشکبوونیان لەسەرە، کەمتر لە نیوە واتا (٤٧٪) گوندەکان ئاویان مسۆگەرە.[4]

---

داتای بڵاو نەکراوە.

[1]- دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، گەرمبوونی گۆی زەوی وکاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-٢٠٠٨،ل ١٠٨-١٠٩.

[2]- بێگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێدوان بۆ کەناڵی Kurdistan 24، ١٠/تەموزی ٢٠٢٢، بەردەستە لەم لینکە-

https://www.facebook.com/KRG.Official/videos/5455873171168480/. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/١٧.

[3]- فەرمانگەی میدیا وزانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، ٢٠٢٢/٦/١٤، بەردەستە لەم لینکە-
https://www.facebook.com/.KRG.DMI.Official/videos/.38451597070607/.. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/٢٥

[4]- دکتۆر کاروان حمە صالح، بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو، لێدوان لە پێگەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠٢٢/٥/١٤، بەردەستە لەم لینکە-

https://www.facebook.com/101517361364766/videos/ بەرواری سەردان/ ٢٠٢٢/٦/٢٤.

کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر کۆی داهاتی ئاوی نوێ بووە سەرزەوی وژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان، ئەو کەمبوونەش لێکەوتەی ئابوری وکۆمەڵایەتی وسیاسی دەبێت بەجۆرێک تەنها هەڕەشە ومەترسی لەسەر دەرامەتە ئاوییەکان دروستناکات، بەڵکو هەڕەشە لەسەر ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی تەندروستی و ژینگەیی و مرۆیش دروستدەکات.

**تەوەری دووەم: ئاڵنگارییە مرۆییەکان**

لەم تەوەرەدا تیشک دەخەینەسەر گرنگترین ئاڵنگارییە مرۆییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمدا، کە پەیوەندی بە شێوازی بەکارهێنان وبەڕێوەبردنی ئاو هەیە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، وەک لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوونیدەکەینەوە:

**١. زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی**

یەکێکی دیکە لە ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان زیاد لە سنوری خۆی ئاوی ژێرزەوی بەکاردەهێنرێت لە سەرجەم بوارەکاندا (ناوماڵ، ئاودێری، پیشەسازی، گەشت وگوزار...وهتد)[1]، بەپێی ووتەی "حسێن حەمە کەریم" وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت "لەئیستادا زیاتر لە (٢٤ هەزار) بیری یاسایی لە هەرێم هەیە، دەشڵێت ڕەنگە زیاتر لەو ژمارەیە بیری نایاسایی هەبێت، کە نە بەتەواوی ژمارەیان دەزانرێت ونە دەزانرێت چەندی لێدەردەهێنرێت، ئەوەش فشارێکی زۆرە بۆ ئاوی ژێرزەوی لە هەرێمی کوردستان.[2]

بەوهۆیەوە لەئێستادا بەردەوام قوڵی بیرەکان زیاد دەکات، لەمڕووەوە ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاو ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، بەجۆرێک تاساڵی (٢٠٠٠) ئاستی قوڵی بیرەکان لە هەرێم (٨٠ – ١٥٠ م) بووە، بەڵام لەدوای ساڵانی (٢٠٠٠) قوڵی بیرەکان لە (١٥٠- ٢٥٠ م) بەرەوسەربووە، تەنانەت لەئێستادا لە هەندێک ناوچە لە پارێزگای هەولێر قوڵی بیرەکان گەیشتۆتە نزیکی (٧٠٠م)[3]؛ هەروەها بەپێی توێژینەوەکان و وێنەی مانگە دەستکردەکانیش ئەوە خراوەتەڕوو ئاستی ئاوی ژێرزەوی بەڕێژەی (٥٠٪) کەمی کردووە.[4]

هەر لەم بارەیەوە "کاروان حمە ساڵح" دەڵێت "لە ئێستادا لە هەندێک لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر مانگانە (١ م) ئاوی ژێرزەوی دادەکەوێت، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە زیاتر لەو بڕەی لێ بەکاردەهێنرێت کە نوێ دەبێتەوە"[5]، تەنانەت لەو ناوچانەش کە دەکەونە لێواری

[1]- د.ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو)، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.
[2]- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حەمە کەریم، وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/٢٨.
[3]- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، سەرچاوەی پێشوو، داتای بڵاو نەکراوە.
[4]- د. هەڵەت ڕەشید، دەرامەتی ئاو و گەشەپێدانی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٧، ل١١.
[5]- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، سەرچاوەی پێشوو.

ڕووبارەکانەوە، ئاوی ژێر زەوی بەکاردەهێنرێت وبەفیڕۆدەدرێت.[١]

دەرەنجامی ئەو بەکارهێنانە زۆرەی ئاوی ژێرزەوی، لە ئیستادا زۆرێک لە کانی وکارێز وبیرەکان وشکبوون وئاویان تێدا نەماوە، لەم بارەیەوە "عبدالستار مجید" وەزیری پێشووی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "زیاتر لە (٥٠٠٠) کانی لە هەرێمی کوردستان وشکبوون[٢]، لەدواین ڕاپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاوی هەرێم کە لە ساڵی (٢٠١٩) بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەدات لەنێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٦) (١٠٣٩) کارێز وشکبوون لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم[٣]، بەهەمان شێوە "ئاری ئەحمەد" بەڕێوەبەری گشتی ئاوی هەرێم ئاماژە بەوەدەکات نزیکەی (٦٠٪) بیرەکانی هەولێر ودەورووبەری وشکبوون[٤]، لەئەنجامی زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی ولەهەمانکاتدا بە هۆکاری کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا ولێکەوتەکانی لەسەر ئاوی ژێرزەوی.

پشتبەست بەو داتا وزانیاریانەی خرایەڕوو دەتوانین بڵێین؛ ئاوی ژێرزەوی لە هەرێمی کوردستان لە ژێر هەڕەشە ومەترسیدایە، بەهۆکاری بەردەوام بەکارهێنانی بەشێوەیەکی نازانستی لە سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە کە دەتوانرێت بوترێت؛ لە چەند ساڵی داهاتوودا ئاوی ژێرزەوی هەرێمی کوردستان ناتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بن لە بەکارهێنانی، بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوەکە وزیادبوونی قوڵی بیرەکان، ئەوەش دەبێتەهۆی نەمانی یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بۆ نەوەکانی ئێستا وداهاتوو، کە ئاوی ژێرزەوییە.

### ٢. بەفیڕۆدانی ئاو

ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئاوی خاوێن وبەفیڕۆدانی بەڕاستی مەترسیدارە وزیانێکی گەورە بە داهاتی ئاو دەگەیەنێت، بۆنموونە لە بواری کشتوکاڵ وئاودێریدا بڕێکی زۆر لە ئاو بەفیڕۆدەدرێت، ڕێژەی بەفیڕۆچوونی ئاو لەم کەرتەدا بە زیاتر (٥٠٪) خەمڵێنراوە، چونکە تا ئێستا تەکنەلۆژیا وەک پێویست تێکەڵ بە سێکتەری کشتوکاڵ نەکراوە،

[١]- د. عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان(گرفت وچارەسەرییەکان)، چ١، بی شوێنی چاپ، ٢٠٢٠، ل٨٦.

[2] -received in: Salam Abdulqadir Abdulrahman, Water Use Practice and Water Law in the Kurdistan Region: How Sustainability be Achieved?, Environmental Policy and Law 51, IOS Press, 2021, p188.

[٣]- پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلاندانان، مانگی ٦/ ٢٠١٩، لە سایتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان- GOV-KRD- https://www.google.com/url?sa=i&url=https%3A%2Fkrso.gov.krd بەرواری سەردان ٩-٥-٢٠٢٢.

[٤]- ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی ئاو وئاوەڕۆی هەرێم، لێدوان لە پێگەی ئەلیکترۆنی شارپرێس، ٢٠٢٢/٤/٨، بەردەستە لەم لینکە- https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?jimare=203246.٢٠٢٢/٧/٢٥ بەرواری سەردان

شێوازی کشتوکاڵکردن وئاودێری بە سیستەمی کۆنە[١]، خراپ بەکارهێنانی ئاو وپەیڕەونەکردنی ڕێگای زانستی نوێ لە ئاودێریدا دەبێتەهۆی بەفیڕۆدانی زیاتر (٧٠٪) لە ئاوی بەکارهاتوو[٢]، لەم بارەیەوە "موئەید ئەحمەد" بەڕێوەبەری ئاودێری گەرمیان دەڵێت "لەکاتێکدا بۆ هەر (١٠٠) دۆنمێک زەوی (١ ئینج) ئاو بەسە، بەڵام لە گەرمیان (٧ ئینج) ئاو بۆ هەر (١٠٠) دۆنمێک دابینکراوە".[٣]

بەهەمان شێوە ڕێژەیەکی زۆر ئاو لە بەکارهێنانی ناوماڵدا بەفیڕۆدەدرێت، هەر لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "ئەگەر بەنمونە شاری هەولێر وەرگرین، (٥٠٪) ئەو ئاوەی دێتە ناو هەولێر بەبێ بەکارهێنانی بۆ خواردنەوە دەبێتە ئاوەڕۆ وبەخەسارەدەچێت"[٤]، چونکە ئەو ئاوەی دەدرێت بە ماڵان هەندێک لە هاوڵاتیان بەکاریدێنن بۆ شۆردنی سەیارە وشۆستە وشەقامەکان،لەکاتێکدا هەندێک لە هاوڵاتیان ئاوی پێویستیان نییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان[٥]؛ بەشێک لە هۆکاری ئەو بەفیڕدانەش دەگەڕێنێتەوە بۆ دانەنانی نرخی گونجاو لەسەر بەکارهێنانی ئاو، کە وایکردووە هاوڵاتیان وەک سامانێکی فری مامەڵەی لەگەڵ بکەن وگرنگی بە پاراستن وباش بەکارهێنانی نەدەن[٦]، بەشێکی دیکەشی پەیوەستە بە نەبوونی هۆشیاری پێویست دەربارەی گرنگی وبایەخی ئاو لەلایەن هاوڵاتیانەوە، ئەوەش واتای ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان نرخی ئاو نازانرێت و وەکو سامانێکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت وبەفیڕۆدەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە لە ئێستادا بەهۆی شکان وکونبوونی بۆریەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ شار وشارۆچکەکان بەهۆی کۆنبوونیان ونۆژەند نەکردنەوەیان، ڕێژەیەکی زۆر لە ئاو بەفیڕۆدەچێت، ئەمە جگە لەو دەستدرێژیانەی کە دەکرێتە سەر ئەو بۆریانە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری سەرچاوەکانی ئاو ئەوەی خستەڕوو(٣٠٪) ئەو ئاوەی دابەشدەکرێت بەسەر ماڵاندا بزردەبێت، جا لەڕێگەی لیکی پرۆژەکانی گواستنەوەوە بێت یان لەڕێگەی ئەو زیادەڕەوییانەوە بێت کە دەکرێتە سەر ئەو بۆریانەی کە ئاو دەگوازنەوە بۆ شارو شارۆچکەکان[٧]، بەپێی خەمڵاندنەکانی وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان (٥٠-٦٠٪) ئاوی دابەشکراو بەسەر شار وشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا بەفیڕۆدەچێت[(٨)]، بێگومان ئەو بەفیڕۆدانەی ئاو جگەلەوەی زیانێکی زۆر بە داهاتی ئاو دەگەیەنێت،

---

[١]- دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، هەولێر ٢٠٢١، ل١١٦.

[٢]- عەبدول موتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت، دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، کانونی دووەم ٢٠٢٢، ل٣٧.

[٣]- فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، ڕۆژانە لە کەلار ٩٠ لیتر ئاو بۆ هەر تاکێک بەفیڕۆ دەچێت، ٢٠٢٢/٨/١٣، بەردەستە لەم لینکە- https://www.facebook.com/.100063863703814/ بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٨/١٤.

[٤]- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، ، سەرچاوەی پێشوو.

[٥]- فریدون منصور جاف، زێڕی سەوز(بەرگی یەکەم)، چ١، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی ٢٠٢٢، ل ل٩٨-٩٩.

[٦]- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدالقادر عبدالرحمن، مامۆستای زانکۆ وتوێژەر لەبواری ئاو، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/١٨.

[٧]- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، سەرچاوەی پێشوو.

[٨]- وەرگیراوە لە: دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان،

دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی بڕی ئاوی هەبوو کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان، لە هەمانکاتدا زیان بە ئابوری هەرێم دەگەیەنێت بەوپێیەی بەرهەمهێنانی ئەو ئاوەی کە دابینکراوە بۆ هاوڵاتیان خەرجییەکی زۆری تێچووە، تاوەکو وایلێبکرێت بتوانریت بەکاربهێنرێت لەلایەن هاوڵاتیانەوە، بەڵام بەخەساردەچێت.

### ٣. پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو

یەکێکی دیکە لەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە بریتییە لە پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو، لەڕێگەی پاشماوە وپاشەڕۆی (شارستانی، پیشەسازی وکشتوکاڵی)، پاشەڕۆی ماڵان وپیشەسازی وکشتوکاڵی تێکەڵ بە ئاوی ڕووبارەکان دەکرێت، بەچەندین شێواز سەرچاوەکانی ئاو لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا پیسدەکرێت، لەکاتێکدا لە بەشێکی زۆری وڵاتاندا سیستەمی چارەسەری ئاوی پاشەڕۆ پەیڕەودەکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا نەتوانراوە ئاوەڕۆی شار وشارۆچکەکان چارەسەربکرێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەڕژێتە ناو ڕووبار ودەریاچەکان؛ لەم ڕووەوە دەریاچەی دەربەندیخان نمونەیەکە بەشێوەیەکی مەترسیدار ئاوەکەی پیسبووە، بەهۆی ڕووباری تانجەرۆ کە دەڕژێتە ناوی، چونکە ڕووباری تانجەرۆ ئاوەڕۆی شاری سلێمانی وبەشێک لە ئاوەڕۆی ناوچەکانی تریشی تێدەڕژێت[١]، ئەمە جگە لەو پاشەڕۆ پیشەسازییانەی کە لەنزیک ڕووبارەکەن وڕاستەوخۆ پاشەڕۆکان دەکەنە ناو ڕووبارەکەوە بەبێ هیچ فلتەرێک، هەربۆیە ڕووبارەکە بە تەواوی پیسبووە، تەنانەت ئاوی ژێرزەوی ناوچەکانی تەنیشت ڕووبارەکەشی پیسکردووە.[٢]

لەم بارەیەوە توێژینەوەیەک کە لەسەر ژینگەی ناوچەی تانجەرۆ ئەنجامدراوە سەبارەت بە کاریگەری پاشەڕۆی چەند کارگەیەک، ئەوەی سەلماندووە کە ئاوی بەکارهاتووی پیشەسازییەکان دەچێتە ناو ڕووبارەکە وسەرچاوەیەکی بەهێزی پیسبوونی ڕووباری تانجەرۆ وژینگەکەیەتی[٣]، بەهۆی ئەوەی ڕووبارەکە دەڕژێتە دەریاچەی دەربەندیخان بەوهۆیەوە بۆتەهۆی پیسکردنی دەریاچەکەش، لەئەنجامدا مەترسی بۆسەر ژیانی بەکارهێنەرانی دروستدەکات، ئەگەر بەباشی پاکنەکرێتەوە.[٤]

لەبەرئەوە لە ئێستادا دەکرێت بڵێین، کەلێنێکی دیکەی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان پرسی جۆری ئاوی خواردنەوە ونەخۆشییە گوازراوەکانە، وەک بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، کە چەند

سەرچاوەی پێشوو، ل ل١١٦-١١٧.

[١]- شیخ نەجمەدین سدیق اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧-١٢٨.

[2] - Salam Abdulqadir Abdulrahman, Previous Source, p189.

[٣]- د. ڕێزان عومەر رەشید و لەیلا ئیبراهیم فەقێ ساڵح، کاریگەری پاشەڕۆی چەند کارگەیەک لەسەر ژینگەی ناوچەی تانجەرۆ (لە شاری سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراق)، چ١، لە زنجیرە چاپکراوەکانی ئەنیستیوتی نارین بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٤، ل٥.

[٤]- شیخ نەجمەدین سدیق اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧-١٢٨.

جارێک لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٧ و٢٠١٢) دووبارە بووەتەوە بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی[١]، بەهەمان شێوە ئەمساڵیش نەخۆشی کۆلێرا لە سلێمانی بڵاوبوویەوە وبەهۆیەوە ژمارەیەک هاوڵاتی بوونەقوربانی، بەرپرسانی تەندروستیش هۆکارەکەیان بۆ ئاوی پیس گەڕاندەوە.[٢]

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت، کە بەردەوام سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بە چەندین شێواز پیسدەکرێن، لەڕێگەی پاشەڕۆی شارستانی، کشتوکاڵی و پیشەسازی..وهتد، ئەوەش کاریگەری لەسەر جۆرێتی ئاو هەبووە و وایکردووە زۆرێک لە سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم نەتوانرێت بێ پاککردنەوە بەکاربهێنرێت، هەروەها کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی بەکارهێنەرانی هەبووە، بەجۆرێک کە دەتوانێت ئاسایشی تەندروستی بخاتە مەترسییەوە ئەگەر ڕێگری لە هۆکاری پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو نەکرێت وبەم شێوازەی ئیستا سەرچاوەکانی ئاو پیسبکرێن.

**٤. خراپ بەڕێوەبردنی دەرامەتە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کورستان لەڕووی داهات وبڕی ئاوەوە بەهەرێمێکی دەوڵەمەند دادەنرێت، واتا لەڕووی بڕی ئاوەوە هەرێمی کوردستان کێشەی نییە، بەڵکو کێشەی خراپ بەڕێوەبردنی ئاوی هەیە، بەوپێیەی ئەگەر تەنها تێکڕای ئاوی سەرزەوی (ڕووباری دیجلە وپێنج ڕێژگە سەرکییەکەی) کە بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕن، لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست ویەک وەرگرین، تێکڕای داهاتی ئاویان زیاتربووە لە (٣٠ ملیار م$^3$) ساڵانە[٣]، لەکاتێکدا بەپێی دواین ڕاپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێم کە لەساڵی (٢٠٢١) بڵاوکراوەتەوە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی بە (٦,١ ملیۆن) کەس خەمڵاندووە[٤]، ئەوەش واتای ئەوەیە هەر تاکێک زیاتر لە (٥٠٠٠ م$^3$/ساڵانە) ئاوی بەردەکەوێت، لەکاتێکدا بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان هەر وڵاتێک زیاتر لە (٢٠٠٠ م$^3$/ساڵانە) ئاوی هەبێت ئەوا بە وڵاتێکی دەوڵەمەند لە دەرامەتی ئاو دادەنرێت، واتا ئاسایشی ئاوی پارێزراوە.[٥]

بەڵام لە هەرێمی کوردستان نەتوانراوە بە باشی سود لە داهاتی ئاو بەتایبەتی ئاوی سەرزەوی وەربگیرێت، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی هاوڵاتیان لە خواردنەوە، کشتوکاڵ، گەشتوگوازار...وهتد، بەوپێیەی ئاوی سەر زەوی لە هەرێمی کوردستان بەرەو لەناوچوون دەچێت، تائەمڕۆ هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە کۆنترۆڵی ئاوی ڕووبارەکانی بکات وبەباشی بەکاریبێنێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە ئاوییەکانی دانیشتوانی هەرێم، بۆنمونە زێی گەورە کە بڕبڕەی پشتی ئاوی

[١]- وەرگیراوە لە: ڕزگار خضر طه، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

[٢]- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، کەناڵی KNN، ٢٠٢٢/٦/٢٦، بەردەستە لەم لینکە- https://www.facebook.com/KNN.KRD/videos/563469678726690/ بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٦/٢٨.

[٣]- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، سەرچاوەی پێشوو، داتای بڵاونەکراوە.

[٤]- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی شیکاریی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان-عێراق، شوبات ٢٠٢١، ل ل١٠-١١.

[٥]- ئەندەرس یاگەرسکوگ، ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی کێشە یان هاوکاری؟، و:غازی علی خورشید، چ١، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک ٢٠١٠، ل ١٩.

هەرێمی کوردستانە، بەتەنیا خۆی نزیکەی نیوەی ئاوی ڕێژگەکانی ڕووباری دیجلە لە هەرێمی کوردستان پێکدێنێت، بەڵام نەتوانراوە هیچ پرۆژەیەکی ئاوی گەورەی لەسەر دروستبکرێت، بە بەڵگەی ئاوەی ئاوەکەی کە دەڕژێتە هەرێمی کوردستان تا لە هەرێم دەردەچێت بەرەبەرە زیاددەکات نەک کەمبکات.[1]

تا ئێستا لە هەرێم نەتوانراوە ئاوێک لە ڕووبارێکەوە بگوازێتەوە بۆ ناوچەیەک وپرۆژەیەکی ئاودێری تێدابکرێت، بۆنموونە دەشتی هەولێر کە یەکێکە لە دەشتە بەپیتەکان پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستێت بۆ کشتوکاڵ، بەسەیرکردنی داتای ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی بەراو ودێمی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە زیاتر (٨٠٪) ڕووبەری کشتوکاڵی لە هەرێم دێمە، ئەوەش واتای ئەوەیە نەتوانراوە هیچ پرۆژەیەکی گەورەی ئاودێری لەسەر ڕووبارەکانی هەرێم دروستبکرێت بۆ فراوانکردنی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی بەراو[2]، لەکاتێکدا دەتوانرا بەو دەرامەتە ئاوەی کە هەیە کەرتی کشتوکاڵی پێ ببوژێنرێتەوە وهەرێمی کوردستان بکرایە بە ناوەندێک بۆ هەناردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ ناوەڕاست وباشوری عێراق وتەنانەت وڵاتانی کەنداو"[3]، ئەوە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان خۆی لە شوێنکەوتەی ئابوری بە تایبەت لەڕووی خۆراکەوە لە وڵاتانی دروسێ دەپاراست، کە لە ئێستادا بە تەواوی پشت بە هاوردە دەبەستێت وئاسایشی خۆراکی هەرێم بووەتە کارتێک وبەدەستی وڵاتانی دراوسێیە، بەتایبەت تورکیا و ئێران.

تەنانەت نەتوانراوە بۆ پێداویستی ناوماڵ سود لەو دەرامەتە زۆرەی ئاوی سەر زەوی بەباشی ببینرێت، بۆنموونە پارێزگای هەولێر دەکەوێتە نێوان دوو ڕووبار، کە زێی گەورە و زێی بچوکە، بەڵام تائێستا بەرێژەی (٦٥٪) پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستێت وتەنیا بەرێژەی (٣٥٪) پشت بە ئاوی سەرزەوی دەبەستێت[4]، ئەوەش مەترسییەکی ڕاستەقینەیە بۆ بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بەو ڕێژە زۆرە ودەرخەری ئەو ڕاستییەشە کە نەتوانراوە سود لە ئاوی سەرزەوی ببینرێت تەنانەت لە پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی هاوڵاتیان کە پێداویستی ناوماڵ و خواردنەوەیە، بەڵکو ئاوی ڕووبارەکان بەفیڕۆدەدرێن وپیسدەکرێن بە هەموو جۆرەکانی پاشماوە وپاشەڕۆکان، لەبەرامبەردا حکومەت تارادەیەکی زۆر پشتی بە ئاوی ژێرزەوی بەستووە، بێگومان ئەمە لەڕووی زانستییەوە هەڵەیەکی کوشندەیە، بەتایبەتی بۆ ناوچەیەکی وەکو هەرێمی کوردستان وعێراق بەشێوەیەکی گشتی، کە هەڕەشەی جەنگ وگرفتی ئاوی لە سەرە.

[1] - پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز دکتۆر ئازاد محمد ئەمین نەقشبەندی، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری ئاو، ٢٠٢٢/٧/٢١.

[2] - هەمان سەرچاوە.

[3] - وەرگیراوە لە: عەدنان ئەحمەد، پرسی ئاو؛ کلیل لە بەغدا و کێشە لە هەرێم، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، کانونی دووەمی ٢٠٢٢، ل ل١٢٥-١٢٦.

[4] - ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، کەناڵی Kurdistan 24، ١٧/ حوزەیران ٢٠٢٢، بەردەستە لەم لینکە- https://www.facebook.com/kurdistan24.official/videos/. بەرواری سەردان ٢٧/تەموز ٢٠٢٢

## باسی دووەم : ئاڵنگارییە دەرەکییەکان (سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ)

ئاشکرایە ڕووباری دیجلە وڕێژگەکانی (خابور، زێی گەورە، زێی بچوک، عوزێم و سیروان)، تاکە سەرچاوەی ئاوی سەرزەوییە کە هەرێمی کوردستان سودی لێوەرگرتووە ودەتوانێت سودی لێوەربگرێت بۆ دانیشتوانی هەرێمەکە وچالاکییە ئابوری وخزمەتگوزارییەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەی ئاوپێدانیان ، بەم شێوەیەیە: تورکیا بەڕێژەی (٤٨,٤٥٪) وئێران بەڕێژەی (١١,٢٦٪) وهەرێمی کوردستان بەرێژەی (٤٠,٢٨٪) بەشداری لە ئاوپێدانی ڕووباری دیجلە وڕێژگەکانی دەکەن[١]، واتا نزیکەی (٦٠٪) داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارانە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە ولە وڵاتی تورکیا وئێرانەوە سەرچاوە دەگرن، لەبەرئەوە سیاسەتی ئاوی تورکیا وئێران کە لەسەر ڕووباری دیجلە وڕێژگەکانی پەیڕەوی دەکەن کاریگەریان هەبووە ودەبێت لەسەر ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەپێویستی دەزانین لێرەدا سیاسەتی ئاوی هەریەکەیان وکاریگەریان لەسەر داهاتی ئاو وئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان ڕوونبکەینەوە لە دوورتەوەردا، بەم شێوەیە:

### تەوەری یەکەم/ سیاسەتی ئاوی وڵاتی تورکیا

تورکیا بە زۆرترین ڕێژە بەشداری لە داهاتی ساڵانەی ئاوی ڕووباری دیجلە وڕێژگەکانی دەکات کە زیاترە (٤٨,٤٥٪)، وبە دەوڵەتی سەرچاوە دادەنرێت، چونکە خودی ڕووباری دیجلە بەتەواوی وبەشێک لە سەرچاوەی هەندێک لە ڕێژگەکانی (خابور وزێی گەورە) لە بەشە ئاوزێڵی تورکیاوە سەرچاوە دەگرن[٢]، بەهۆی ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە لەسەر ئەو ڕووبارانە پەیڕەوی دەکات کاریگەری گەورەی لەسەر داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارانە هەبووە لە عێراق وهەرێمی کوردستان لەڕووی چەندێتی وچۆنێتییەوە ، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین سیاسەتی ئاوی تورکی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

١- تورکیا داننانێت بەوەی کە ڕووباری دیجلە وفوڕات دوو "ڕووباری نێودەوڵەتی" بن، بەڵکو پێیوایە دوو ڕووباری "سنوربڕن"[٣]، لێکدانەوەی تورکیا بۆ "ڕووباری سنوربڕ" ئەوەیە کە هەموو دەوڵەتێک سەروەری ڕەهای هەیە بەسەر ئەو بەشە ئاوەی کە دەکەوێتە خاکەکەیەوە، واتا وەک ڕووباری نیشتیمانی (تورکی) دەیانناسێنێت[٤]، لەبەرئەوە تورکیا بە مافی خۆی دەزانێت چۆنی بوێت ئاوا ئاوەکانی ئەو دوو ڕوبارە بەکاربێنێت[٥]، هەر لەسەر ئەم بنەمایە تورکیا ژمارەیەکی زۆر بەربەست

---

[١]- دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-٢٠١٣، ل ل١٤٨-١٤٩.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل ل١٤٩-١٥٠.

[٣]- د. رضا عبدالجبار سلمان، التحديات التی توجه الأمن المائی العربی، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، المجلد الثامن، العدد الأول والثانی، ٢٠٠٥، ص١١.

[٤]- د. فاضل عبد علی حسن الشويلی، مستقبل العلاقات التركية العراقية- أزمة المياه أنموذجا، مركز ذی قار للدراسات التأريخية والآثارية/ جامعة ذی قار، ٢٠١٩/٩/٢٣، ص١٤٨.

[٥]- الدكتور سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوصی دجلة والفرات وانعكاساتها علی القصية الكردية،

وبەنداو وپرۆژەی ئاوی لەسەر ڕووباری دیجلە ورێژگەکانی دروستکردووە وهەوڵدەدات تا دواە دڵۆپ بەکاریبێنێت.[١]

٢- سیاسەتی تورکیا پشت بە "تیوری هارمون" دەبەستێت، ئەم تیۆرە پێیوایە دەوڵەت مافی ڕەهای هەیە بەسەر ئەو ڕووبار وڕێرەوە ئاویانەی کە دەکەوێتە هەرێمی دەوڵەتەکەیەوە، دەتوانێت چۆنی بوێت بەکاریبێنێت، لەبەرئەوە تورکیا پێیوایە ئەو بەشە ئاوەی لە تورکیاوە دەڕژێتە عێراق و وڵاتانی ڕێژگە بەگشتی لە چاکەی خۆیەتی.[٢]

٢- تورکیا ئامادەی هیچ جۆرە ڕێکەوتنێک نییە دەربارەی دابەشکردنی ئاوی ئەو ڕووبارانە لەگەڵ وڵاتانی خواروو[٣]، لەمبارەیەوە وەزیری پێشووی دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق "د.عبدالطیف جمال رشید" ئاماژەی بەوەداوە، لە گفتوگۆ و چاوپێکەوتنە بەردەوامەکانیاندا لەگەڵ هەریەکە لە ئێران وتورکیا، بۆیان ڕوونبۆتەوە کە لایەنی تورکی وئێرانی ویستی ڕێکەوتنیان نییە، وبەردەوامن لە جێبەجێکردنی سیاسەتی پێشوویان وئاوەکانیان لە وڵاتەکانیاندا گلداوەتەوە.[٤]

٣- تورکیا ئەوە ڕەتدەکاتەوە چارەسەرکردنی پرسی ئاو لەگەڵ وڵاتانی هاوبەش لە ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە وفوڕات بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بێت، هەروەها ڕەتیدەکاتەوە ڕەزامەندی دەربڕێت لەسەر واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی بەکارهێنانی ڕێرەوە ئاوییەکان بۆ مەبەستی نا کەشتیوانی ساڵی (١٩٩٧) نەتەوەیەکگرتووەکان[٥]، ئەم سیاسەتەشی لەڕیگەی داننەنان بە ڕووباری دیجلە وفوڕات ورێژگەکانیان وەک ڕووباری نێودەوڵەتی سەرچاوە دەگرێت، ئەوەش بە مەبەستی لابردنی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لە پێدانی بەشە ئاو لەو ڕووبارانە بە عێراق و وڵاتانی دیکەی بەشدار لەو ڕووبارانە، وەک لە ڕێکەوتنی ئاماژە بۆکراو خراوەتەڕوو.

٤- هەروەها ئاوی وەک چەکێکی سیاسی بەکارهێناوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی وئابورییەکانی، بۆنمونە پرسی کورد وپارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) لە تورکیا وبەستنەوەی بە مەلەفی ئاو، هەر ڕێکەوتنێک لەگەڵ عێراق وسوریاشدا لەسەر دابەشکردنی ئاوی دیجلە وفوڕات بە توندی گرێدەدات بە هەماهەنگی سیاسی لەنێوان ئەو سێ وڵاتەدا، هەڵبەت پرسی کورد کرۆکی هەر مامەڵەیەکە لەسەر ئاو[٦]، دەیەوێت پرەنسیپی گۆڕینەوەی ئاو بە نەوت وگاز پەیڕەوبکات، وەک

مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة ٢٠٠٤، ص ص٧٧-٧٨.

[١]- د. هالة خالد حمید، إشکالیة الأمن المائی فی العلاقات الترکیة العراقیة: دراسة فی آلیات التعامل الأمثل فی قضیة المیاه، مجلة قضایا السیاسیة، جامعة بغداد/ کلیة العلوم السیاسیة، العدد ٦٥، ٢٠٢١، ص٤٧٣.

[٢]- نفس المصدر.

[٣]- د. آزاد جلال شریف، میاه العراق-الواقع وسبل التنمیة المستدامة، مجلة تکریت للعلوم الإداریة والإقتصادیة، المجلد ٦، العدد ١٩، السنة ٢٠١٠، ص١٤٦.

[٤]- د. عبداللطیف جمال رشید، مصدر السابق، صص١٧٧-١٧٨.

[٥]- د. صبحی فاروق صبحی، سیاسة ترکیا المائیة حیال العراق، ق آثرها فی تطور العالاقات الثنائیة، مجلة کلیة القانون للعلوم القانونیة والسیاسیة، کلیة الکتاب/الجامعة/ قسم القانون، بدون سنة، ص٥١١، متوفر من ربط الآتی- https://www.iasj.net/iasj/download/73f8dd9453da4f8e

[٦]- د. نجلاء مرعی، الأمن المائی العربی (التهدیدات وآلیات المواجهة)، ط١، العربی للنشر واتوزیع، القاهرة ٢٠٢١،

ئەوەی لە دانوستانەکانی ساڵی (١٩٧١) کە پێدانی بەشە ئاوی بە عێراقی گرێدابوو بە بەدەستهێنانی نەوت بە نرخێکی کەمتر[١]، هەروەها سەرۆکی پێشووی تورکیا "تورکوت اوزاڵ" لە ساڵی (١٩٩١) وتوویەتی " ئەگەر عێراق (هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق) نەوت لەرێگەی تورکیاوە هەناردە نەکات، ئەوا ئاو بۆ عێراق نییە"، بەوەش عێراقی ناچارکرد نەوتەکەی لە خاکی تورکیاوە هەناردە بکات[٢]، کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تورکیا ئاو وەک کارتێکی فشار وچەکێک بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی وئابورییەکانی خۆی، ئەوەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە ئاو یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێز وتورکیا خاوەنێتی وبەکاریدەهێنێت لە ئێستادا بەرامبەر عێراق وهەرێمی کوردستان، ودەکرێت بەردەوامیش لە داهاتوودا بەکاریبێنێت.

هەربۆیە تورکیا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆرترین سود لە سەرچاوە ئاوییەکانی وەربگرێت، پشتبەست بەو سیاسەتە ئاوییەی کە خستمانەڕوو، لەم ساڵانەی دوایشدا کۆمەڵێک پڕۆژەی گەورەی بۆ جڵەوکردن وگلدانەوەی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە وفوڕات دروستکرد[٣]، کە خۆی لە پڕۆژەی "گاپ"* وچەندان بەنداوی دیکەی دەرەوەی ئەم پڕۆژەیە دەبینێتەوە، تورکیا هەر بەوەوە نەوەستاوە بەڵکو بەردەوامە لەسەر دروستکردنی ئەم جۆرە پڕۆژانە لەسەر تەواوی دۆڵ وکەناڵ ورێڕەوە ئاوییەکان، بەتایبەتی لەسەر ئەوانەی دەکەونە نزیک سنورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەمەش هەرەشە لەسەر ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت[٤]، لە گرنگترین ئەو پڕۆژانە "بەنداوی ئەلیسۆ" لەسەر ڕووباری دیجلە، ئەم بەنداوە توانای گەنجینەکردنی (١١,٤ مليار $م^3$) ئاوی هەیە[٥]، بەپێی ڕاپۆرتەکانی حکومەتی عێراق، کە پێشبینیان

ص٩١.

[١]- د. هالة خالد حميد، مصدر السابق، ص٤٧٧.

[٢]- د. یونس علی، پڕۆژەی گاپ ومەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ وقەیرانەکان، ژ٢٠، سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل٩.

[٣]- د. آزاد جلال شريف، مصدر السابق، ص١٤٦.

[*]- گاپ GAP: پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کە ناودەبرێت بە گاپ (GAP)، بەواتای پڕۆژەی پەرەپێدانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دێت، لە پڕۆژە زەبەلەحەکانی تورکیایە، لە (١٣) پڕۆژەی سەرەکی پێکدێت، (٧) یان دەکەوێتە ئاوزێڵی ڕووباری فوڕات و (٦) یان دەکەوێتە ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە، پڕۆژەکە زیاتر لە ئاوزێڵی ڕووباری فوڕاتدا چڕبۆتەوە وەک لە ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە، بەجۆرێک بەرێژەی (٨٠٪) پشتبە ئاوی فوڕات وبەرێژەی (٢٠٪) پشتبە ئاوی دیجلە دەبەستێت، ئامانجی تورکیا ئەوەیە بەهۆیەوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەرێمی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینێت وئامانجە سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتییەکانی لەرێگەیەوە بەدیبێنێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پڕۆفیسۆر د.ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، پڕۆژەی گاپ (GAP) وکاریگەریەتی لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە وکوردستان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠٣؛ ودكتور سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضى دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية، مصدر السابق، ص ص٧١ -١٢٦.

[٤]- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێ باکی هەرێمدا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، ١١/ کانونی دووەم ٢٠٢٢، ل١٩.

[٥]- د. إسماعيل داود، المفاوض العراقى سد اليسو- وقراءة فى اتفاقية قانون استخدام المجارى المائية الدولية فى

کردبوو دوای تەواوبوونی بەنداوی ئەلیسۆ زیاتر لە نیوەی داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە بۆ عێراق کەمدەکات، ئەوەش دەبێتە هەڕەشە لەسەر ڕووبارەکە وبەرەو مەرگی دەبات[١]، هەربۆیە دوای ئەوەی پڕۆژەی ئەلیسۆ لە ساڵی (٢٠١٨) دەستیکرد بە گلدانەوەی ئاو لە ڕووبارەکە[٢]، بەشێوەیەکی مەترسیدار داهاتی ئاوی ڕووبارەکە کەمیکرد، بەجۆرێک لە ساڵی (٢٠٢١) تەنیا (٢ ملیار م[٣]) ئاو هاتوتە هەرێمی کوردستان[٣]، بەشێک لە هۆکاری ئەم کەمبوونەوەی داهاتی ئاوی ڕووبارەکە لەو ساڵەدا بەهۆی وشکەساڵی وکەمبارانییەوە بووە، بەڵام لەهەمانکاتدا "ئازاد نەقشبەندی" دەڵێت " بەنداوی ئەلیسۆ بەو توانا زۆرەی لە گلدانەوەی ئاوی ڕووباری دیجلە، هۆکاری سەرەکییە لە کەمبوونی داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە بۆ ناو هەرێمی کوردستان وعێراق؛ چونکە هەرگیز لە هیچ کاتێکدا وتەنانەت لە ساڵە وشکەکاندا، داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارە بەو شێوەیەی ئێستا کەمینەکردووە.[٤]

هەر لەچوارچێوەی "پڕۆژەی گاپ" دا، پڕۆژەی دروستکردنی ژمارەیەک بەربەست و ویستگەی کارۆئاوی لەسەر زێی گەورە لەناو خاکی تورکیادا دروستکراوە لەوانە: پڕۆژەی بەستەکانی بەرزایی زێ، پڕۆژەی بەنداوی سۆڵۆن، بەنداوی چاڵدێران، بەنداوی بانی باڵا وکۆمەڵێک ویستگە وەکو ویستگەی تبیان، دیزا، شیروان، بیستون... وهتد[٥]، بەتەواوبوونی ئەم پڕۆژانە لەسەر زێی گەورە کە بە شادەماری ئاوی سەر زەوی هەرێمی کوردستان لەقەڵەم دەدرێت، کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی دەکاتە سەر داهاتی ئاو و دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی زیاتری ئاوی ئەم ڕووبارە بەوەش کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئاو دەبێت، لەلایەک دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی بەرکەوتەی تاک لە ئاو لە هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکە دەبێتەهۆی ئەوەی نەتەوانرێت لە داهاتوودا وەبەرهێنان لەم ڕووبارەدا بکرێت و بەهۆیەوە پەرە بە پڕۆژە ئاوییەکان بدرێت کە هەرێمی کوردستان بیەوێت لەسەر ئەم ڕووبارە وەبەرهێنان بکات لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەوپێیەی تائێستا ئەم ڕووبارە لە هەرێمی کوردستان وەک پێویست وەبەرهێنانی تیادانەکراوە بەرێژەیەکی کەم نەبێت.

ئەو بەنداو و پڕۆژە ئاویانە لە ئێستادا بونەتەهۆی کەمبونەوەی تێرژانی ئاو بۆ ناو عێراق، ئەوەش ڕانگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەبواری ئابوری، کشتوکاڵ وژینگە، وبووەتەهۆی بێبەشکردنی ڕووبەرێکی فراوان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان لە ئاودان وپەکخستنی بەشێک لە ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، هەروەها خراپبوونی جۆرێتی ئاو وپیسبوونی، دەرەنجامی پاشەڕۆی بەکارهێنانە پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان، هەروەها بووەتەهۆی کەمبوونەوەی سامانی ماسی و

---

الأغراض غير الملاحية لعام ١٩ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ٢٠١٧، ص ص٤٨-٤٩.

[١]- نفس المصدر، ص٢٢.

[٢]- د. هەردی مهدی میکە، کوردستان لە سایەی جەنگێکی ڕانەگەیەنراوی ئاویدا (ئیلیسۆ بە نموونە)، گۆڤاری ئایندە ناسی، ژمارە ١١، کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ل٦.

[٣]- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، سەرچاوەی پێشوو، داتای بڵاونەکراوە.

[٤]- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، سەرچاوەی پێشوو.

[٥]- فؤاد قاسم الأمير، هاوسەنگی ئاویی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جیهاندا، و: دکتۆر خلیل کریم محمد وماموٚستا احمد علی احمد، چ١، ناوەندی غەزەل نوس بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٦، ل ل١٦٦-١٦٧.

كۆچپێکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە وچەندەها گاریگەری نەرێنی دیکە.[١]

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق چەندین ڕێکەوتننامە وپرۆتۆکۆڵی هەیە لەگەڵ تورکیا سەبارەت بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاوی ڕووباری دیجلە وفوڕات[٢]، بەڵام تورکیا بەردەوامە لەسەر جێبەجێکردن وتەواوکردنی پرۆژە ئاوییەکانی بێگوێدانە ئەو ڕێکەوتننامە وپەیماننامانەی نێوانیان ویاسا وپەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئاو، بۆ ئەوەی وەکچۆن لە ڕابردوودا ئاوی وەک چەکێک بەکارهێناوە، لە داهاتوشدا بەکاریبهێنێت دژی دانیشتوانی عێراق بەگشتی وهەرێمی کوردستان بەتایبەت، دەیەوێت لەڕێگەی پرۆژە ئاوییەکانیەوە فشار بخاتەسەر وڵاتانی دراوسێ وسەربەخۆیی ئابوری وسیاسیان بەتایبەت هەرێمی کوردستان زەوت بکات[٣]، بەوپییەی ئاو بنەمای سەرەکی دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەییە، چونکە ئاو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر لایەنی ئابوری وکۆمەڵایەتی وسیاسی هەیە، هەربۆیە جگە لە پرۆژەی گاپ تورکیا هەوڵی دامەزراندنی چەندین پرۆژەی دیکەی ئاوی دەدات بۆئەوەی بە بەردەوامی بیکاتە هێزێک دژی عێراق وهەرێمی کوردستان بەکاریبێنێت.

**تەوەری دووەم/ سیاسەتی ئاوی وڵاتی ئێران**

دوو ڕێژگەی سەرەکی ڕووباری دیجلە، کە (سیروان وزێی بچوکە) لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن، سەرباری کۆمەڵێک لقە ڕووباری بچوک کە دەڕژێنە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی داهاتی هەریەک لە ڕووباری (زێی بچوک وسیروان) لەناو خاکی ئێران بە (٣٦٪ و٥٩٪) یەک لە دوای یەک خەمڵێنراوە[٤]، واتا سەرچاوەی بەشێک لە داهاتی ئاوی هەرێمی کوردستان لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانین سیاسەتی ئاوی ئێران لەسەر ئاوزێڵی ئەو ڕووبارانە وکاریگەری لەسەر ئاسایشی ئاوی هەرێم لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

**یەکەم/** ئێرانیش وەک تورکیا پەیڕەوی سیاسەتی سەروەری ڕەها "پرەنسیپی هارمۆن" دەکات لەسەر ڕووبارە هاوبەشەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان[٥]، هەستاوە بە دروستکردنی چەندین بەنداو بۆ گلدانەوە وگەنجینەکردنی ئاوی ئەو ڕووبارانە، بەبێ ڕاوێژ بە حکومەتی عێراق وبێگوێدانە پێدوایستییە ئاوییەکانی عێراق وهەرێمی کوردستان[٦]، وەکو:

---

[١]- الدكتورة مديحة صوفى، مشروع الغاب التركى وتأثيره على الموارد المائية والواقع البيئى فى العراق، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠١٦، ص١١١-١١٢.

[٢]- الدكتور محمد منذر جلال، السياسة المائية التركية – فى حوضى دجلة والفرات وتداعياتها على العراق، ط١، دار الفراهيدى للنشر والتوزيع، بغداد ٢٠١٤، ص٥٧-٥٨.

[٣]- د. یونس علی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[٤]- پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان ٢٠١٩ (کشتوکاڵ)، سەرچاوەی پێشوو.

[٥]- دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو)، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

[٦]- خالد جاسم الحچيمى، سياسة إيران المائية تجاه العراق وانعكاساتها على نشاط الاقتصادى-دراسة فى الجغرافية

١. پڕۆژەی بەنداوی بریسۆ: لەسەر ڕووباری زێی بچوک دروستیکراوە، دەتوانێت بڕی (١,١٨ ملیار م٣) ئاو گەنجینە بکات.[١]

٢. پڕۆژەی بەنداوی کرژاڵ: لەسەر زێی بچوک، توانای گەنجینەکردنی (١,٠٨ ملیار م٣) ئاوی هەیە.[٢]

٣. بەنداوی کۆڵەسە: لەسەر هەمان زێ، توانای گەنجینەکردنی دەگاتە (٥٤٥ ملیۆن م٣)[٣]، ئەم بەنداوە لە ئێستادا بووەتەهۆی کەمبوونەوەی داهاتی ئاوی ئەم ڕووبارە لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەی (٨٠٪)[٤]، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر ئاوی خواردنەوە وکشتوکاڵ لە شارۆچکەی قەڵادزێ، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (١٤٠ هەزار) کەسە.[٥]

لەمبارەیەوە "محمد حەسەن" بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی قەڵادزێ ئاماژەی بەوەداوە "ئەو بەنداوانەی کە ئێران لەسەر زێی بچوک دروستیکردوون کاریگەری نەرێنیان دەبێت لەسەر ئاوی ژێرزەوی وسامانی ماسی لە هەرێمی کوردستان، لەهەمانکاتدا ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوی دووکان کەمدەکات کە لەسەر ئەم زێیە دروستکراوە، ئەوەش کاردەکاتە سەر دابینکردنی وزەی کارەبا، هەروەها کاریگەری لەسەر کشتوکاڵی ناوچەکانی سەر زێی بچوک دەبێت، هەروەها ئاماژەی بەوەداوە کە ئێران بەنیازە لە ساڵانی داهاتوودا بە تەواوی ئاوی زێی بچوک وشکبکات[٦]، چونکە ئەو تونێل وبەنداوانەی ئێران لەسەر ئەم زێیە دروستیکردووە، دەتوانێت (١٠٠٪) ئاوی ئەم زێیە کە دەڕژێتە هەرێمی کوردستان وشکبکات، هەرچەند نەشیان شاردۆتەوە کە دەیانەوێت (٥٠٪) ئاوەکەی بگرنەوە، بۆیە لەکاتی گرتنەوەی ئاوی زێیەکەدا کەرتە جۆراوجۆرەکان کە کەوتوونەتە سەر ئاوزێڵی زێی بچوک لە هەرێمی کوردستان دەکەونە مەترسییەوە.[٧]

بەهەمان شێوە لەسەر زێی سیروانیش ئێران چەندین پڕۆژەی ئاوی دروستکردووە، لە

---

السياسية، مجلة جورنال، العدد٦٣. كانون الأول ٢٠٢١، ص ص ٥٤٩-٥٥٠.

[١] - دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

[٢] - الدكتور سليمان عبدالله اسماعيل، مصدر السابق، ص٢٣٢.

[٣] - سەلام محمود ناصر و ڕزگار مصطفى محمد امين، گرتنەوەی ئاوی ڕووباری زێی بچوک وکاریگەری لەسەر قەزای پشدەر وچۆنێتی چارەسەر کردنی گرفتی کەم ئاوی، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا، ٢٠١٧، ل٢، بەردەستە لەم لینکە-

بەرواری سەردان ٢٠٢٢/١١/٧. https://www.uor.edu.krd/news/recent-news/1555-grtneway-zey-bchwk

[٤] - د. ئەیوب سابیر گەلاڵی، قەیرانی ئاو شەڕێک لەبەر دەرگامان، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠٢٠، ل١٣١.

[٥] - د. بنفشه كى نوش، الخلاف المائى بين إيران والعراق: أزمة داخلية متفاقمة ودبلوماسية خارجية غير كافية، مجلة دراسات الإرانية (دراسات وأبحاث علمية متخصصة)، المعهد الدولى للدراسات الارانية، السنة الثانية-العدد الثامن-سبتمر ٢٠١٨، ص٩١.

[٦] - محەمەد حەسەن، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی قەڵادزێ، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵ کەناڵی ڕووداو، ٢٣/ئایاری ٢٠٢٠، بەردەستە لەم لینکە-

بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/٢٦. https://www.facebook.com/Rudaw.net/videos/

[٧] - سەلام محەمەد ناصر و ڕزگار مصطفى محمد امين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢-٥.

گرنگترینیان: (بەنداوی داریان، بەنداوی قشلاغ، بەنداوی ژاوە[١]، بەنداوی گاوشان، بەنداوی گاران، بەنداوی ئازد و پڕۆژەی گواستنەوەی ئاو[٢]).

سیاسەتی ئاوی ئێران تەنیا بە دروستکردنی بەنداو نەوەستاوە، بەڵکو ئاڕاستەی ڕێڕەوی ئەو ئاوانەی گۆڕیوە بۆ ناو خاکی ئێران، بۆنمونە لەڕێگەی پڕۆژە ئاوییەکانییەوە کە لەسەر ڕووباری قۆرەتوو دروستیکردوون، بە تەواوی ڕێڕەوی ئاوەکەی گۆڕیوە وڕووبارەکە بۆتە ڕووبارێکی وەرزی، بەوهۆیەوە زیانێکی زۆری بە زەوییە کشتوکاڵییەکانی نێوان کەلار وخانەقین گەیاندووە[٣]، هەروەها لەڕێگەی بەنداوی گاوشانەوە هەڵساوە بە گواستنەوەی (٢٦٠ ملیۆن م$^3$) لە ئاوی ئاوزێڵی ڕووباری سیروان[٤]، لە ئێستاشدا دەیەوێت بە تەواوی ڕووباری سیروان لەڕێگەی بەنداوی داریانەوە وشکبکات، کە دەتوانێت ساڵانە (١,٣٧٨ ملیار م$^3$) ئاو لە ڕێگەی تونێلێکی ئاوی بە ناوی (نەوسود) بگوازێتەوە بۆ ناو ئێران؛ ئەم پڕۆژەیە ئاستی ئاوی گەنجینەکراوی دەربەندیخانی زۆر دابەزاندووە وڕووبەرێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی لە ناوچەی هەڵەبجە وگەرمیان لەدەستدراوە بەهۆی نەبوونی ئاوی پێویست بۆ ئاودێریکردنی ئەو زەویانە لە ئەنجامی کەمکردنی ئاوی زێیەکەدا.[٥]

لەوبارەیەوە "سامان اسماعیل" بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان دەڵێت "لەمساڵدا (٢٠٢٢) ڕێژەی داهاتی ئاوی سیروان کە هاتۆتە هەرێمی کوردستان بەراورد بە شەش ساڵی ڕابردوو تەنها (٢١٪) ئەو داهاتەبووە کە پێشتر بۆمان هاتووە، دەڵێت ڕۆژبەڕۆژ ئەو ئاوەی کە دێتە هەرێمی کوردستان لە ڕووباری سیروانەوە کەم دەکات بەجۆرێک لە بەرواری (٢٠٢٢/٨/١٠) تەنها (٦م$^3$/چرکە) ئاو هاتۆتە بەنداوەکەوە، ئەوەش واتای ئەوەیە کە هیچ بڕە ئاوێک لە ئێرانەوە نەهاتۆتە بەنداوەکە، بەڵکو ئەوەی کە هاتووە لە سەرچاوەکانی ناوخۆوەبووە وەکو زەڵم وتانجەرۆ"[٦]، بێگومان ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر کەرتە جۆراوجۆرەکان وەکو خواردنەوە، ئاودێری، پیشەسازی، گەشتوگوزار...وهتد، بەوپێیەی هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان کە سەرچاوەی سەرەکییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاویەکانی هەرێم بەتایبەت بۆ خواردنەوە و وزە، پشت بە ئاوی ئەم بەنداوانە دەبەستێت، لەکاتێکدا سەرچاوەی داهاتی ئاویان بە زیاتر لە نیوە لە وڵاتی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هەر کەمکردنێک لە داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارانە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

بێجگە لەو بەنداو وتونێلانەی کە لە ئێستادا وڵاتی ئێران دروستیکردووە، بەردەوامە لە

---

[١]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. خلیل کەریم محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦-١٧.

[٢]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئازاد وەڵەدبەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان – لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٥، ل ل٣٠-٣١.

[٣]- الدکتورة مدیحة صوفی، مصدر السابق، ص٧٧.

[٤]- ئازاد وەڵەدبەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاوی سیروان- لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

[٥]- د. خلیل کەریم محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[٦]- سامان ئیسماعیل، چاوپێکەوتنی توێژەر، سەرچاوەی پێشوو.

دروستکردنی بەنداو وتونێلی نوێ، بۆ گواستنەوەی ئاوی ئەو رووبارانە کە لە ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان وئێراندایە بۆ ناوچەکانی ناوەندی ئێران[1]، بەجۆرێک لە بەرنامەیدایە سیاسەتێکی ئاوی وا پەیڕەوبکات کە تەواوی ئەو ئاوەی دەڕژێتە عێراق وهەرێمی کوردستان چۆڕبڕ بکات، بۆنمونە لە پلانی پێنجەمی گەشەپێدانی نیشتیمانی ئێران بۆ ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٥)، هاتووە کە دەبێت ڕێبگیرێت لە تێرژانی ئاو بۆ وڵاتانی دراوسێ وڕێڕەوی ئەو ئاوانە بگۆڕێت بۆ ناو خاکی ئێران[2]، لەسەر بنەمای ئەم سیاسەتە ئێران بەڕوونی لە (٢٠١١) بەعێراقی ڕاگەیاندووە، کە هەموو ئەو ڕووبارانەی لە ئێرانەوە دەڕژێنە عێراقەوە دادەخات، چونکە وڵاتەکەی بەدەست کەمئاوییەوە دەناڵێنێت[3]، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئێران ئەگەر بتوانێت لە داهاتوودا نایەڵێت یەک دڵۆپ ئاو لە سنورەکانیەوە بڕژێتە عێراق وهەرێمی کوردستان، هەروەها ئاماژەیەکی ئاشکرایە بەوەی کە ئێران بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو سیاسەتە ئاوییەی.

هەر لەم بارەیەوە لە کۆنگرەیەکدا لەسەر ئاو کە لە مانگی شوباتی ساڵی (٢٠١٨) لە تاران بەسترا، یاریدەدەری وەزیری دەرەی ئێران "عەباس عێراقچی" بەئاشکرا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ڕێگە لە دەرچوونی ڕووبارەکان دەگرێت ولەناو خاکی ئێراندا گلیاندەداتەوە[4]؛ بێگومان ئەوەش تاوانێکی ڕاستەقینەیە نەک تەنیا دژی خەڵکی هەرێمی کوردستان وعێراق بەگشتی، بەڵکو دژی سیستەمی ژینگەی ناوچەکەشە، چونکە هەر ڕووبارێک بۆخۆی لەڕووی سروشتییەوە سیستەمێکی ژینگەیی تایبەت وتەواوی هەیە، بەڵام قەدەغەکردن وگۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی ڕووبارەکە دەبێتەهۆی لەناوبردنی ژیانی سروشتی وهەموو ئەو تایبەتمەندییە سروشتیانەی ئاوزێڵەکە پێکیهێناوە، لەهەمانکاتدا کەمبوونەوەی داهاتی ئاوی ئەو ڕێژگانە کاریگەرییەکی نەرێنی زۆر دەکاتە سەر کۆی پێداویستییە ئاوییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەگشتی وئەوانەشی کە لەسەر ئاوزێڵی ئەو ڕووبارانەن بەتایبەتر، هەروەها دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر سەقامگیری وئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، چونکە بێئاوی جگە لەوەی کاریگەری خراپی لەسەر بژێوی ژیانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەبێت بەوپێیەی دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ڕووبەری زەوییە ئاودێرییەکان و سامانی ماسی..وهتد، کە سەرچاوەی بژێوی دانیشتوانی ناوچەکانی قەراخ ڕووبارەکەن، وادەکات هاوڵاتیان ناچاربن شوێنی نیشتەجێبوونیان جێبهێڵن وکۆچ بکەن بۆ سەرچاوەکانی ئاو، دەرەنجامی هەر کۆچێکی ناوخۆییش بەهۆی بێئاوییەوە ململانێی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە، کە دەکرێت سەربکێشێت بۆ ئاژاوە ونا سەقامگیری بارودۆخی وڵات.

---

[1]- بابان ئەلیاسی، ژیۆپۆلتیکی ئاووەک ئامرازی سیاسی، گۆڤاری تیشک، ساڵی بیست ودووەم، ژمارە ٥٦، هاوینی ٢٠٢٠، ل ل١٢٦-١٢٧.

[2]- قسم البحوث لصحيفة الاستقبال، التحكم الإراني بمياه العراق-خلفيات الأزمة ومستقبل الصراع، صحيفة الاستقبال، ٢٠٢٢/١/١١، ص ص٨-٩.

[3]- د. خەلیل کەریم محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣-١٤.

[4]- خالد سلێمان، گۆڕانی کەش وهەوا لە کوردستان: ئاڵەنگاری و ڕووبەڕوو بوونەوە، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ل٥٢.

**دووەم/** سەرباری هەبوونی چەندین ڕیکەوتننامە وپرۆتۆکۆڵی ئیمزاکراوی نێوان عێراق وئێران، کە تایبەت بوون بە ڕێکخستنی پشکی عێراق لە ئاوی ڕووبارە هاوبەشەکانی نێوانیان[1]، بەڵام جگەلەوەی ئێران گوێ بە جێبەجێکردنی بنەماکانی ئەو ڕێکەوتن وپەیماننامانە نادات وبەردەوامە لەسەر ئەو سیاسەتە ئاوییەی، نایەوێت ڕێکەوتنی نوێش بکات سەبارەت بە دابەشکردنی ئاوی ئەو ڕووبارانە، هەر لەمبارەیەوە وەزیری دەرامەتە ئاوییەکانی عێراق "مهدی رشید الحمدانی" لە ئەیلولی ساڵی (٢٠٢١) ڕایگەیاند " تا ئێستا لەگەڵ ئێران نەگیشتونەتە ڕێکەوتن دەربارەی بەشە ئاوی عێراق"[2]، لەهەمانکاتدا ئەو سیاسەتە ئاوییەی ئێران، سەرپێچیکردنی یاسای نێودەوڵەتییە کە بە دق ئاماژە بەوە دەدات کە ناکرێت ئاوی ڕووبارێکی نێودەوڵەتی بگوازرێتەوە بۆ ڕێڕەوێکی دیکە لەلایەن وڵاتانی سەرچاوەوە، چونکە دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بە دانیشتوانی وڵاتانی خوارووی ڕێڕەوە ئاوییەکە لە کورت مەودا ودرێژخایەندا.[3]

بێگومان ئەو سیاسەتە ئاوییەی ئێران گرفت بۆ هەرێمی کوردستان دروستدەکات، هەر لە دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووبارەکان تا وشکبوونی (ڕووباری قۆرەتوو ئەڵوەند بەنمونە)، کاریگەرییە خراپەکانی ئەمە لەسەر کشتوکاڵ وژینگە دەرکەوتووە، سەرباری کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە، گۆڕانی ژینگەی ئاوزێڵەکان، بۆیە دەکرێت بوترێت سیاسەتی ئاوی ئێران بە خراپی کاری لە سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان کردووە بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان، چونکە جگەلەو ڕووبارانەی کە لە ئێرانەوە تێیدەڕژێن هیچ سەرچاوەیەکی گەورەی ئاوی دیکە لە ناوچەکەدا نییە، بەبێ ئەوەی هەرێمی کوردستان جوڵەیەکی وای هەبێت لە ئاستی ئەم مەترسییەدا بێت[4]، لەکاتێکدا بەگوێرەی نەخشەی ئاوی جیهانی کە بۆ ناوچە مەترسی لەسەرەکانی ئاو کراوە، هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی مەترسیدایە.

سێیەم/ لەلایەکی دیکەوە ئێران ئەو ئاوانە وەک چەکێکی سیاسی دژی هەرێمی کوردستان وعێراق بەکاردێنێت وەک لە ڕابردوودا بەکاریهێناوە، دەتوانێت لە داهاتوشدا ئەم ئامرازە بۆ فشارخستنەسەر هەرێمی کوردستان وعێراق بەکاربێنێت، بۆنمونە گرتنەوەی ئاوی زێی بچوک لە هاوینی ساڵی (٢٠١٧) لەڕێگەی پرۆژە ئاوییەکانی کە لەسەر ئەم زێیە دروستیکردوون، توانی چەند ڕۆژێک ئاوی ئەم ڕووبارە بە تەواوەتی وشکبکات، بەپێی لێکدانەوەی چاودێران ئەو سیاسەتە ئاوییەی ئێران کاردانەوەی بڕیاری ڕیفراندۆم بوو کە لەلایەن سەرکردەی کورد (سەرۆک مەسعود بارزانی) یەوەدرا.[5]

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان بەڕێژەی (٦٠٪) پشت بەو سەرچاوە ئاویانە

---

[1]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئازاد وەڵەدبەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاوی سیروان لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١-١٣١.

[2]- قسم البحوث لصحيفة الاستقبال، مصدر السابق، ص ص٢٠-٢١.

[3]- الدكتور سليمان عبدالله اسماعيل، مصدر السابق، ص٢٣٠.

[4]- د. خەلیل کەریم محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣-١٤.

[5]- د. بنفشه کی نوش، مصدر السابق، ص٩١-٩٢.

دەبەستێت کە لە وڵاتانی تورکیا وئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوەش بەخاڵێکی لاواز دادەنرێت لە ڕووی جیۆپولتیکەوە سەبارەت بە ئاسایشی ئاوی هەرێم، لەهەمانکاتدا تورکیا وئێران ئەم تایبەتمەندییە جوگرافییەیان بە هەند وەرگرتووە لەڕێگەی سیاسەتێکی ئاوی تاکلایەنە و لەسەر بنەمای "پرەنسیپی هارمۆن" بێ گوێدانە پێداویستییە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان وعێراق وڕێسا یاسا دووقۆڵی ونێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئاو، چەندین پرۆژەی ئاوی گەورەیان لەسەر ئاوزێڵی ئەو ڕووبارانە ئەنجامداوە، ئەوەش بووەتەهۆی کەمکردنەوەی داهاتی ئاوی ئەو ڕووبارانە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە دەرکەوتووە بڕی ئەو ئاوەی کە دەگاتە هەرێمی کوردستان زۆر کەمی کردووە بە بەرواورد بەتێکڕای ساڵانی پێشوو، چاوەڕێدەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا زۆرێک لەو ڕووبارانە ببنە ڕووباری وەرزی، ئەوەش وادەکات هەڕەشە لەسەر هەرێم زیاتربیێت، دەرەنجامی ئەوەش ئاسایشی ئاو وئاسایشی خۆراک وپاشان ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە هەر کەمکردنێک لە داهاتی ئاو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کۆی سێکتەرەکان (کشتوکاڵ، پیشەسازی، شارستانی، گەشتوگوزاری..وهتد) دەبێت.

## دەرەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتینە چەند دەرەنجامێک و لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

١- گۆڕانکارییەکانی کەش وهەوا کاریگەری نەرێنی لە بڕ وشێوازی بارانبارین دروست کردووە، وهەروەها بۆتەهۆی زیادبوونی شەپۆلەکانی وشکەساڵی، ئەوەش کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر کۆی داهاتی ئاوی نوێ بووە سەرزەوی وژێرزەوی لە هەرێمی کوردستان.

٢- بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بەم شێوازەی ئێستا، دەبێتە هۆی کەمبوونەوە ونەمانی یەکێک لە گرنگترین دەرامەتەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان کە ئاوی ژێرزەوییە.

٣- دەرامەتە ئاوییەکان ڕووبەڕووی بەفیڕۆدان وپیسکردن بوونەتەوە، لەلایەک بەهۆی دانەنانی نرخی گونجاووپێویست لە بەکارهینانی ئاو، لەلایەکی دیکە بەهۆی لاوازی هۆشیاری وبەکارهێنانی کەرەستە وئامڕازی کۆن لە بوارەکانی بەکارهێنانیدا.

٤- لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی داهاتی ئاوەوە بە هەرێمێکی دەوڵەمەند دادەنرێت، بەڵام نەتوانراوە وەک پێویست سود لە دەرامەتە ئاوییەکان بە تایبەتی ئاوی سەرزەوی وەربگیرێت وبخرێتە خزمەت کەرتە جۆراوجۆرەکان و بکرێتەهۆکارێک بۆ بەرەوپێشبردن وبوژاندنەوەی سەرجەم کەرتەکان.

٥- ئەو سیاسەتە ئاوییەی کە هەریەک لە تورکیا و ئێران لەسەر ڕووبارە هاوبەشەکان پەیڕەوی دەکەن، کاریگەری نەرێنی کردۆتەسەر بڕ وجۆرێتی ئاو لە هەرێم، وهەروەها بۆتە کارتێکی فشار بەدەست ئەو وڵاتانەوە ودەتوانن دژی هەریمی کوردستان بەکاریبێنن

## سەرچاوەکان

**یەکەم/ کوردییەکان**

**أ- کتێب و توێژینەوەکان**


١- ئازاد وەڵەدبەگی، ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان-لەبەرڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٥.

٢- ئەندەرس یەگەرسکوگ، ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی کێشە یان هاوکاری؟، و:غازی علی خورشید، چ١، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک ٢٠١٠.

٣- بابان ئەلیاسی، ژیۆپۆلتیکی ئاووەک ئامڕازی سیاسی، گۆڤاری تیشک،ساڵی بیست ودووەم، ژمارە ٥٦، هاوینی ٢٠٢٠.

٤- دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، ڕۆڵی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی (ئاسایشی ئاو) بۆ هەرێمی کوردستان وعێراق، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە ٢٨، ئەیلولی ٢٠١٨.

٥- دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، گەرمبوونی گۆی زەوی وکاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-٢٠٠٨.

٦- دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، هەولێر ٢٠٢١.

٧- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، پڕۆژەی گاپ (GAP) وکاریگەریەتی لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە وکوردستان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠٣.

٨- دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانییەکان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-٢٠١٣.

٩- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان ٢٠١٩ (ئاماری کشتوکاڵ).

١٠- د. ئەیوب سابیر گەلاڵی، قەیرانی ئاو شەڕێک لەبەر دەرگامان، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠٢٠.

١١- د. عبدالمطلب رفعت سرحت، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان(گرفت وچارەسەر)، چ١، بی شوێنی چاپ، ٢٠٢٠.

١٢- د. عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت، دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، کانونی دووەم ٢٠٢٢.

١٣- خالد سلێمان، گۆڕانی کەش وهەوا لە کوردستان: ئاڵەنگاری و ڕووبەڕوو بوونەوە، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ل٥٢.

١٤- د. هەردی مهدی میکە، کوردستان لە سایەی جەنگێکی ڕانەگەیەنراوی ئاویدا (ئیلیسۆ بە نموونو)، گۆڤاری ئاینده ناسی، ژمارە ١١، کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

١٥- د. هەڵەت ڕەشید، دەرامەتی ئاو و گەشەپێدانی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٧.

١٦- د. ڕێزان عومەر ڕەشید و لەلا ئیبراهیم فەقێ ساڵح، کاریگەری پاشەڕۆی چەند کارگەیەک لەسەر ژینگەی ناوچەیەی تانجەرۆ (لە شاری سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراق)، چ١. لە زنجیرە چاپکراوەکانی ئەنیستیوتی نارین بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٤.

١٧- د. یونس علی، پرۆژەی گاپ ومەترسییەکانی لە سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژ٢٠، سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠١٨.

١٨- ڕزگار خضر طە، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق- لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاری، ماستەرنامەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی (ڕاپەڕین) کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی جوگرافیا، ئازاری ٢٠١٧.

١٩- عەدنان ئەحمەد، پرسی ئاو؛ کلیل لە بەغدا و کێشە لە هەرێم، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، کانونی دووەمی ٢٠٢٢.

٢٠- فریدون منصور جاف، زێڕی سەوز،(بەرگی یەکەم و دووەم)، چ١، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی ٢٠٢٢.

٢١- فؤاد قاسم الامیر، هاوسەنگی ئاویی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جیهاندا، و: دکتۆر خلیل کریم محمد وامۆستا احمد علی احمد، چ١، ناوەندی غەزەل نوس بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٦.

٢٢- سەلام محمود ناصر و ڕزگار مصطفی محمد امین، گرتنەوەی ئاوی ڕووباری زێی بچوک و کاریگەری لەسەر قەزای پشدەر وچۆنێتی چارەسەر کردنی گرفتی کەم ئاوی، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا، ٢٠١٧، بەردەستە لەم لینکە-https://bit.ly/3fDSZWI

٢٣- د. خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان وبێ باکی هەرێمدا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، ١١/ کانونی دووەم ٢٠٢٢.

٢٤- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی شیکاریی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان-عێراق، شوبات ٢٠٢١، ل ل١٠-١١.

**ب- دامەزراوە فەرمییەکان و چاوپێکەوتن و پەیوەندی تەلەفۆنی**

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو،بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕیوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان.

٣- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز دکتۆر ئازاد محمد ئەمین نەقشبەندی، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری ئاو، ٢٠٢٢/٧/٢١.

٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز حسێن حەمە کەریم، وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/٢٨.

٥- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. کاروان حمە ساڵح، بەڕیوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠٢٢/٧/٥.
٦- دیدار لەگەڵ بەڕێز سامان ئیسماعیل، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان، دەربەندیخان، ٢٠٢٢/٨/١٠.
٧- دیدار لەگەڵ بەڕێز سەلام عبدالقادر عبدالرحمن، مامۆستای زانکۆ وتوێژەر لەبواری ئاو، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/١٨.

**ج- ئەلیکترۆنییەکان**
١- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان، مانگی ٦/ ٢٠١٩، بەردەستە لە سایتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان- GOV-KRD-
https://www.google.com/url?sa=i&url=https%3A%2Fkrso.gov.krd بەرواری سەردان ٩-٥-٢٠٢٢.
٢- ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی ئاو وئاوەڕۆی هەرێم، لێدوانی بۆ پێگەی ئەلیکترۆنی شار پرێس، ٢٠٢٢/٤/٨، بەردەستە لەم لینکە-
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?jimare=203246 بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/٢٥.
٣- بێگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێدوان بۆ کەناڵیKurdistan 24 ، ١٠/تەموزی ٢٠٢٢، بەردەستە لەم لینکە-
https://www.facebook.com/KRG.Official/videos/5455873171168480/. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/١٧.
٤- دکتۆر کاروان حمە صالح، بەڕێوەبەری سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لێدوان لە پێگەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠٢٢/٥/١٤، بەردەستە لەم لینکە-
https://www.facebook.com/101517361364766/videos/ بەرواری سەردان/ ٢٠٢٢/٦/٢٤.
٥- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، کەناڵی Kurdistan 24، ١٧/ حوزەیران ٢٠٢٢، بەردەستە لەم لینکە-
https://www.facebook.com/kurdistan24.official/videos/. بەرواری سەردان ٢٧/تەموز ٢٠٢٢
٦- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، پێگەی فەرمی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەیسبووک، ٢٠٢٢/٦/١٤، بەردەستە لەم لینکە-
https://www.facebook.com/.KRG.DMI.Official/videos/.38451597070607/. بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/٢٥.
٧- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، کەناڵی KNN، ٢٠٢٢/٦/٢٦، بەردەستە لەم لینکە-
https://www,facebook.com/KNN.KRD/videos/563469678726690/ بەرواری سەردان

.٢٠٢٢/٦/٢٨

٨- فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، ڕۆژانە لە کەلار ٩٠ لیتر ئاو بۆ هەر تاکێک بەفیڕۆ دەچێت، ٢٠٢٢/٨/١٣، بەردەستە لەم لینکە-

بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٨/١٤. https://www.facebook.com/.100063863703818/

٩- محەمەد حەسەن، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی قەڵادزێ، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵ کەناڵی ڕووداو، ٢٣/ئایاری ٢٠٢٠، بەردەستە لەم لینکە-

بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٧/٢٦.https://www.facebook.com/Rudaw.net/videos/

**دووەم/ عەرەبییەکان**

١- د. رضا عبدالجبار سلمان، التحديات التى توجه الأمن المائى العربى، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، المجلد الثامن، العدد الأول والثانى، ٢٠٠٥.

٢- د. هالة خالد حميد، إشكالية الأمن المائى فى العلاقات التركية العراقية: دراسة فى آليات التعامل الأمثل فى قضية المياه، مجلة قضايا السياسية، جامعة بغداد/ كلية العلوم السياسية، العدد ٦٥، ٢٠٢١.

٣- د. آزاد جلال شريف، مياه العراق-الواقع وسبل التنمية المستدامة، مجلة تكريت للعلوم الإدارية والإقتصادية، المجلد ٦، العدد ١٩، السنة ٢٠١٠.

٤- الدكتور سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوصى دجلة والفرات وانعكاساتها على القصية الكردية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠٠٤.

٥- الدكتور محمد منذر جلال، السياسة المائية التركية – فى حوضى دجلة والفرات وتداعياتها على العراق، ط١، دار الفراهيدى للنشر والتوزيع، بغداد ٢٠١٤.

٦- الدكتور مديحة صوفى، مشروع الغاب التركى وتأثيره على الموارد المائية والواقع البيئى فى العراق، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ٢٠١٦.

٧- اياد عبد على سلمان الشمرى، أثرالتغيرات المناخية فى تفاقم مشكلة شحة المياه فى العراق، مجلة ميسان للدراسات الأكاديمية، المجلد ١١، العدد ٢١، كانون الأول ٢٠١٢.

٩- تقرير التنمية البشرية للعام ٢٠٠٦، ماهو ابعد من الندرة: القوة والفقر وأزمة المياه العالمية،برنامج الأمم المتحدة (UNDP)، ٢٠٠٦.

١٠- د. إسماعيل داود، المفاوض العراقى سد اليسو- وقراءة فى اتفاقية قانون استخدام المجارى المائية الدولية فى الأغراض غير الملاحية لعام ١٩ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ٢٠١٧.

١١- د. بنفشه كى نوش، الخلاف المائى بين إيران والعراق: أزمة داخلية متفاقمة ودبلوماسية خارجية غير كافية، مجلة دراسات الإرانية (دراسات وأبحاث علمية متخصصة)، المعهد الدولى للدراسات الارانية، السنة الثانية-العدد الثامن-سبتمر ٢٠١٨.

١٢- د. صبحى فاروق صبحى، سياسة تركيا المائية حيال العراق، وآثرها فى تطور العالاقات الثنائية، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، كلية الكتاب/الجامعة/ قسم القانون، بدون

سنة، ص٥١١، متوفر من ربط الآتى-

https://www.iasj.net/iasj/download/73f8dd9453da4f8e.

١٣- د. عبداللطيف جمال رشيد، الموارد المائية فى العراق، د.عبداللطيف جمال رشيد، الموارد المائية فى العراق، ط١، مطبعة پيرەمێرد، السليمانية ٢٠١٧.

١٤- د. نجلاء مرعى، الأمن المائى العربى (التهديدات وآليات المواجهة)، ط١، العربى للنشر واتوزيع، القاهرة ٢٠٢١.

١٥- د. فاضل عبد على حسن الشويلى، مستقبل العلاقات التركية العراقية- أزمة المياه أنموذجا، مركز ذى قار للدراسات التأريخية والآثارية/ جامعة ذى قار، ٢٠١٩.

١٦- قسم البحوث لصحيفة الاستقبال، التحكم الإرانى بمياه العراق-خلفيات الأزمة ومستقبل الصراع، صحيفة الاستقبال، ٢٠٢٢/١/١١.

١٧- خالد جاسم الحچيمى، سياسة إيران المائية تجاه العراق وانعكاساتها على نشاط الاقتصادى- دراسة فى الجغرافية السياسية، مجلة جورنال، العدد٦٣. كانون الأول ٢٠٢١.

١٨- منظمة الامم المتحدة للتربية والعلم والثقافة، الاطار الوطنى للادارة المتكاملة لمخاطر الجفاف فى العراق (دراسة تحليلية)، مكتب العراق، آذار ٢٠١٤.

**سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

**1**- Salam Abdulqadir Abdulrahman, Water Use Practice and Water Law in the Kurdistan Region: How Sustainability be Achieved?, Environmental Policy and Law 51, IOS Press, 2021.

**2**- United Nations (UN WATER), Water Security and the Global Water Agenda, Published in UN WATER, 8/may/2013, Available in this link-

https://www.unwater.org/publications/water-security-and-global-water-agenda visit date 25/9/2022.